


# ئەو شەوەی سەلیم نادر کوژرا

**ڕامیار محەمەد**
**(ئەڵمانیا)**

هەردەم ئەوە لە مێشکیدا بوو. ڕۆژێک، شەوێک، بەیانییەک، یان نیوەڕۆیەک، جیاوازی دروست ناکا. گرنگ ئەوەیە بیکوژێ. وێنەی ئەو بەمردوویی دەهاتە بەرچاوی. دەهاتە بەرچاوی کە دەیکوژێ و لەت لەتی دەکا؛ کە بە فیشەکێک ساردی دەکاتەوە و مێشکە بۆگەنەکەی لەسەر زەوی هەڵدەڕژێ و وەکوو مەنجەڵێک شلەی ڕژاو خوێنی لێ دەچۆڕێ. ئەو هەستانە درەنگ، یان زوو کەوتوون بێنە دی. ئەو بیرکردنەوانە وەکوو مارێکی درێژی ئەستوور، چما بڵێم وەکوو ئەژدیهایەکی حەو سەر بە گەردنییەوە بوون و خەویان لێ زڕاندبوو. هۆکار زۆر بوون کە ئەو هەستانەی بۆ دروست کردبوون. یووسف گۆران، ئەو پیاوەی، شەوێکیان لە شوقەکەی، لە گەڕەکی جوامێران هاتە دەرێ و بە مەبەستی کوشتنی بەرەوماڵی سەلیم نادر بەڕێ کەوت.

بێگومان ئەوەی ئەودەمە لە کوشتنی ساردی دەکردەوە ئەوە بوو: گوێی خۆی لە ئاست بێ ئەدەبییەکانی کەڕ دەکرد. ڕا هاتبوو. هەردەم لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «ئەم پیاوە ڕاستە زۆر هیچوپووچە، بەڵام پارەشم دەداتێ... ئێ باش نییە لێرە کارێکم هەیە، خۆم و ژنەکەمی پێوە بەڕێوە دەچین، ئەی ئێرە نەبێ چی بکەم؟» هەرچەندە هەموو کات لای پرسیار بوو. زۆر جاران سەلیم نادر لە سەری مانگاندا پارەیەکی زێدەتری لە پارەکەی خۆی پێ دەدا و هەموو کاتێکیش یووسف ڕەتی دەکردەوە وەری بگرێ، بەڵام بە زۆر دەیدا پێی. پارەکەی بۆ دەخستە ناو مووچەی مانگانەکەیەوە و هەموو کاتێکیش کە یووسف دەیژمارد، لەژێر چاوەوە تەماشایەکی سەلیمی دەکرد

و ئەویش بە خۆی و سەرە کەچەڵە زلەکەیەوە، بەرقەوە تەماشایەکی دەکرد و پێکەنینێکی شەیتانی بۆ دەکرد و دەیگوت: «هەڵیگرە گەمژە ، کەس نازانێ خوا ڕسق بەسەر کێدا دەبارێنێ. ئەوەتا خوا منی بۆ تۆ ناردووە. من نەبوومایە چیت دەکرد؟ هەڵیگرە و قسە مەکە.»، هەر بۆیە یووسف گۆران باوەڕی بە خۆی هێنابوو کە ئەم پیاوە بەڕاستی خۆشی دەوێ و ئەوەی کە دەری دەبڕێ لە جنێو و قسەی ناشیرین، هیچ نییە جگە لە دەربڕینی جۆرە خۆشەویستییەک، پاشان ئەو لەوێ چ کارە بوو؟ هەموو ئەوەی دەیکرد، تۆمارکردنی ناوی بەشداربووە تازەکان بوو، ڕۆژانە لیستێکی دروست دەکرد و ڕەوانەی بەشەکانی دیکەی دەکرد. دواتر بۆ خۆی دادەنیشت و قاوە و جگەرە، چای و جگەرە، نانخواردنی نیوەڕۆ و جگەرە، کۆلا و جگەرە، هەندێ کاتی دیکەش شیرینی، پاشان بەدوایدا یەک لەدوای یەک جگەرەی پێ دەکرد.

زۆر جار کە دەهاتەوە ماڵەوە، لە (نەرمین)ی هاوسەری دەڕوانی و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «باش نەبوو ئەمەم دەست کەوت؟ باشە ئەو نەبێ کێ بەم نەداری و ناڕەحەتییەی ژیانی من ڕازی دەبێ؟ زۆرم خۆش دەوێ. ئەگەر هەموو ڕۆژێک سەد جار پێی بڵێم خۆشم دەوێی هێشتا کەمە.»، پاشان سەرە گەورەکەی دەخستە سەر ڕانی و (نەرمین)یش بەخۆشەویستییەوە باوەشی بۆ دەکردەوە و دەیخەواند. ئەویش هەر زوو قاچەکانی کۆدەکردنەوە، چونکە باڵایشی بەرز نەبوو، هەر زوو گرمۆڵە دەبوو و لە باوەشیدا خەوی لێ دەکەوت. هەموو کاتێکیش نەرمین چاویلکەکەی لە چاوی دادەنا و دەیبردە سەر جێگاکەی خۆیان و بێ ئومێدانە ماوەیەک لێی ڕادەما، پاشان نەختێک قامکی بە قژە ماش و برنجییەکەیدا دەهێنا و بەتانییەکی پێدا دەدا. لە ماوەی هاوسەرگیرییاندا شەوێک نەبووە نەرمین بەر لە یووسف نووستبێ! یووسف هەردەم هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە ماندووە و هەر کات دێتەوە ماڵەوە، بێ ئەوەی بە ویستی خۆی بێ، خەوی لێ دەکەوێ. زۆر جارانیش بۆ ئەو دیاردەیەی لەلایەن (نەرمین)ـەوە سەرکۆنە دەکرا، بەڵام سوودی نەبوو. ڕاستییەکەیشی ئەوە بوو: یووسف نە هێندە هیلاک بوو، نە کارەکانیشی هێندە قورس بوون، بەڵکوو خەوی قورسە و پیاوێکی خەوخۆشە. زۆر جارانیش لەسەر کار خەو دەیباتەوە و دەخەوێ.

نەرمین ژنێکی وردیلەی سپیکەلانە بوو. کە مارەی کرد هەموو خەڵک بەغیلیان بە یووسف دەبرد. کەس نەیدەزانی چۆن ئەم جوانکیلەیە بە یووسف—ە گەمژە ڕازی بووە. شتەکە ئاسایی بوو. نە کەس زۆری لێ کرد و نە هیچ تێگەیشتنێکیش لەنێوان یووسف و نەرمین-دا هەبوو. ئەوەی هەبوو نەرمین دەیویست تا زووە لە ماڵی باوکی ڕزگاری بێ، تاکە چارەش بۆ ئەوە شووە. لەگەڵ تەمەنی دەبێتە هەژدە ساڵ، یووسف دەچێتە داوای و ئەویش بێ هیچ مەرجێک شووی پێ دەکا، بەڵام بێگومان ماڵی باوکی نەرمین خەرجییەکی ئێجگار زۆر بە یووسف دەکەن و دەیخەنە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە کە ناچاری دەکەن ئەو سووکایەتییە قبووڵ بکا کە ئێستا سەلیم نادر لە کۆمپانیا پێی دەکا. نەرمین هیچ کارێکی نەبوو، تەنیا و تەنیا لە ماڵەوە دادەنیشت و ڕۆژی بەدیار مۆبایلەکەیەوە، یان بەدیار تەلەڤزیۆنەکەوە بەڕێ دەکرد، ئەمانە زۆر جار جارسیان دەکرد، مافی خۆیشی بوو جارس بێ. مێردەکەی

تا خۆرئاوابوون لە کۆمپانیا بوو، دەهاتەوە ڕاستەوخۆ لەسەر کۆشی نەرمین خەوی لێ دەکەوت.

چیرۆکی ڕۆیشتنی یووسف گۆران و چەقینی لەو کۆمپانیایە دووردرێژە، ڕەنگە هەر ئەوەندە بەس بێ کە قەدەر ڕۆژێک، هەر یەکێکمان بە کونێکدا دەکا و کەسمان نازانین بۆ! ڕۆژێک لە خەونێک ڕادەپەڕین و نازانین لێرە چی دەکەین. لە بوونمان، لە نهێنییەک بەئاگا دێین و نازانین تەنانەت چۆن چارەیشی بکەین. ڕەنگە هەموومان، ئەوەی پێمان بکرێ ڕێگا ئاسانەکە بێ، ئەویش وەکوو یووسف گۆران پەنا بۆ کوشتن ببەین. زۆر جاران دەبیستین کە کوشتنی مرۆڤێک تاوانێکی گەورەیە، بەڵام بۆ نابێ بکوژرێن کە سەراپای ژیانیان پڕ کردووین لە بێزاری و ناڕەحەتی؟ بۆ ناکرێ بکوژرێن لەکاتێکدا ڕەنگە چارەنووسی ئێمەیان بەشێوەیەک بەرەواژ کردبێتەوە تەنانەت گەورەترین فەلسەفەی دنیاش نەتوانێ تێیدا قوتارمان بکا؟ ئەم پرسیارانە زوو، یان درەنگ، هەر وەک چۆن مێشکی یووسف گۆران-یان داگیر کرد، ئاوا مێشکی تاک بە تاکی مرۆڤەکان داگیر دەکەن، تەنیا درەنگ و زوو کەوتووە... درەنگ و زوو.

درەنگ و زوو ئەو دوو وشەیە بوو یووسف گۆران وەکوو ویردی سەر زوبانی دەیگوت و دەیگوتەوە. ڕەنگە هۆکارێکی تایبەت بە خۆی هەبێ. کەس نازانێ! بە ئێستایشەوە کەس نەیزانی مەبەستی لە درەنگ و زوو چی بوو! سەلیم دەهات و دەیگوت: ئەو لیستەم بۆ بنێرە. دەیگوت: بەسەرچاو، حازرە، درەنگ و زوو کەوتووە بۆت دەنێرم، تەنانەت سەلیم نادر بۆ ئەوەی گاڵتەی پێ بکا دەیگوت: چۆنی یووسف؟ درەنگ و زوو پێمان بڵێ کەی خۆت زەعیف دەکەی؟ ڕەنگە درەنگ و زوو جگەرەکەش تەرک بکەیت. درەنگ و زوو کۆتاییش بە هەموو شتێک بهێنی. درەنگ و زوو هەموو شتێک دەبڕێتەوە. یووسف-یش پێدەکەنی، بەڵام گریان قورگی دەگرت. ئەوەی لەوێ هێشتبوویەوە خۆشەویستی نەرمین بوو، چونکە ئەگەر ئەو کارە نەبوایە، نەیدەزانی چۆن ماڵ بەڕێوە ببات.

زۆر جار پرسیار لە ڕووداوەکانی ژیانمان دەمانبەنە سەر هۆکاری ڕووداوەکان خۆیان. زۆر جار ڕووداوێک کە لە منداڵیماندا بەسەرمان هاتووە، لە گەورەییدا درک بە هۆکارەکەی دەکەین. لەوانەیە ئەو ڕووداوە کاریگەرییەکی ئێجگار زۆریشی بەسەر ژیانمانەوە هەبێ، بەڵام ئایە قەت بیرمان لێ کردووەتەوە؟ ڕەنگە تۆ بە منداڵی لە سەربانی ماڵەوەتان کەوتبێتە خوارێ و قۆڵێکت شکا بێ، پاشان ئەو قۆڵەت خوار دەبێ. ڕەنگە کەمێک بیر لەوە بکەیتەوە، بەڵام تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان نابیتە خاوەنی ژیانێکی گونجاو، چونکە ئیشێکی گونجاو نادەن بە یەکێک کە قۆڵێکی خراپ کار بکا، یان نەیکا! ڕەنگە ئەو ئیشەیشی کە ناتدەنێ، ببێتە هۆی ئەوەی بچی و ئیشێکی دیکە بکەی، ڕەنگە لەسەر ئەو ئیشەش کە بە هەزار ئەم لا و ئەو لا دەتدەنێ، کچێک بناسی و ببێتە خۆشەویستت. ڕەنگە مارەشی بکەی. منداڵیشتان ببێ و پاشان ڕۆژێک، بێ ئەوەی ئاگادار بیت، دێیتەوە و ئۆتۆمبێل خۆی بە منداڵەکەتدا کێشاوە و کوشتوویەتی! پاشان تۆ چیت دەمێنێ لەدەستی بدەی؟ یان ڕەنگە ژنەکەت بەسەر منداڵبوونەوە بمرێ! زۆر جار زنجیرەی ڕووداوەکان لە منداڵییەوە دەست پێ دەکەن. تەمەنێک کە ئەسڵەن مرۆڤ تێیدا

تاوانبار نییە. کێشەکانی یووسف-یش ئەوکاتە دەست پێ دەکەن کە لە کۆمپانیای نیپتۆن، وەکوو کارمەند دادەمەزرێ و ئاشنای سەلیم نادر دەبێ.

ئەو شەوەی چوو بۆ کوشتنی، هێشتا ئەوەی نەزانیبوو. ماوەیەک بوو خەوی ناخۆشی دەبینی و نەیدەزانی چۆن ئەوە چارەسەر بکا. هەر دەیگوت خۆم چاک دەبم و مرۆڤ خەونی ناخۆشی هەر هەن، دواتر وای لێ هات سیناریۆی کوشتنی سەلیم نادر لە مێشکیدا یاری دەکرد. کە بیریشی لێ دەکردەوە، ڕاستەوخۆ لە ترساندا جگەرەیەکی پێ دەکرد. سەری پەنجەکانی سڕ دەبوون و بەئەستەم دەیتوانی چەرخەکەی بەدەستەوە بگرێ و جگەرەکەشی بە دەمییەوە.

ئەو شەوەی بڕیاری کوشتنی دا، لە خەونێکی ناخۆش بەئاگا هاتبوو، پاڵنەرەکانی زۆر بوون تا بیکوژێ. هەر ئەو ڕۆژە سووکایەتییەکی زۆری لەلایەن سەلیم-ەوە پێ کرا بوو. جلەکانی لەبەر کرد و هاتە دەرێ. بەرچاوی ڕەش بووبوو. لە دڵی خۆیدا گوتبووی: «دەڕۆم و وەک سەگ دەیتۆپێنم. چی دەبێ با ببێ.» لە شوقەکەی هاتە دەرێ و بە ترس و لەرزەوە بەرەو ماڵی سەلیم بەڕێ کەوت. هیچی لە مێشکیدا نەبوو، جگە لەوەی دەبێ هەرچی زووە ئەو شەوە بیکوژێ. درەنگ و زوو کەوتبوو! هەر دەبوو، بیکوژێ! تەنانەت تەماشای نەرمین -یشی نەکرد.

دەرەوە زۆر سارد بوو، تەنانەت وای لە یووسف کرد چەند جارێک پاشگەز ببێتەوە، ئاخر خۆیشی بەباشی نەپێچابووەوە! هەورەکان بەری مانگیان گرتبوو، بایەکی سارد هەڵیکردبوو، کە یاری لەگەڵ گەڵا زەردەکاندا دەکرد و وای لێ دەکردن زێدەتر بوەرن. خۆی لە قاپووتە ڕەشەکەیدا پێچایەوە. دەستەکانی خستبوونە ناو گیرفانەکانی و چەقۆیەکی گەورەیشی بە دەستە ڕاستی هەڵگرتبوو. شەوقی گڵۆپی ئۆتۆمبێلەکان دەیدا بە چاویدا و ماندووی دەکرد. هەنگاو بە هەنگاوی خۆی دەژمارد. وەکوو ئەوەی ئەرکی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ئەستۆ بێ، بە هێزێکی زۆرەوە بە شەقامەکاندا تێدەپەڕی. وردە وردە بەرەو ماڵی سەلیم نادر بەڕێ کەوت. ماڵیان دوور بوو، بەڵام حەوسەڵەی تاکسی نەبوو. خەریک بوو وردە وردە لەو ترسەی نزیک دەبووەوە کە ماوەی چەندان ساڵ بوو گیرۆدەی بووبوو. ترسێک کە هەردەم بە دوایەوە بوو و ڕاوی ڕۆحی دەکرد. ئەوەی بە بیر خۆی دەهێنایەوە، ئەو وتەیەیە دەڵێ: «هەردەم بەدوای ئەو شتانەدا بڕۆ کە زۆر دەتترسێنن.»، دەبوو ئەو ترسە ئەو شەوە کۆتایی بێ. کاتێک گەیشتە بەردەم ماڵی سەلیم نادر و لە تەقەی دەرگای دا، هێندەی نەمابوو بۆ کاتژمێر یازدە!

وای دانابوو هەر دەرگاکەی لێ کردەوە یەک پاڵی پێوە بنێ بۆ ژوورەوە و دەرگاکەی لەسەر دابخا و بەر چەقۆی بدا. لە دەرگای دا. نەیکردەوە. بە ترسێکی زۆرەوە جارێکی دیکە لە دەرگای دایەوە. نەیکردەوە. ئەو دەستەی دیکەی کە دەرگاکەی پێ لێ دەدا، زوو زوو بە هەوای گەرمی ناودەمی، گەرمی دەکردەوە، پاشان بێ وەستان دەستی بە دەرگاکوتین دەکرد. زوو زوو تەماشای چەپ و ڕاستی خۆی دەکرد و هیچ کەسێک لەوناوە نەبوو. بۆ دواجار لە دەرگای دا و سەلیم بە جنێودانەوە بەرەو دەرگاکە هات. تەپەی پێی سەلیم تا دەهات نزیکتر دەبووەوە و یووسف-یش تا دەهات زیاتر ورەی دەدایە بەر خۆی و خۆی ئامادە دەکرد تا پلانەکەی جێبەجێ بکا. دەنگی

تەپەی پێی نزیک بووەوە و پێ دەچوو چەند هەنگاوێکی دیکە بێت و دەرگاکە بکاتەوە.

دوای چەند چرکەیەک دەرگاکەی کردەوە و تەماشای کرد یووسف-ـە، کە چاوەکانی زەق بوونەتەوە و دەڵێی نەخۆشە. بە قاپووتێکی ڕەشەوە کە تەواوی قۆپچەکانی داخستبوون و کراسێکی سپی لەژێرییەوە لەبەر کردبوو، تەماشای سەلیم دەکات. سەلیم کە پێ دەچوو بەو دیمەنەی یووسف تەواو شڵەژاو و ترسا بێ! پێکەنینێکی کرد و گوتی: «چییە؟ درەنگ، یان زوو کەوتووە بۆ کۆمپانیا؟» ویستی بەم گاڵتەیەی قسە لەگەڵ یووسف-دا بکات و بزانێ بۆچی هاتووە. یووسف -یش کە لەو دەمەوەی دەرگاکەی لێ کرابووەوە واقی وڕمابوو، تەنانەت یەک جووڵەشی نەکردبوو، هێرشی بۆ سەلیم برد و بە پاڵێک خستییەوە ژوورەوە و ڕاستەوخۆ دەرگاکەی بەسەردا داخست. بێ یەک و دوو چەندان چەقۆی کرد بە ورگی سەلیم-دا و شەلاڵی خوێنی کرد.

هەموو ئەوەی سەلیم گوتی ئەوە بوو: «نامەرد... خۆ منت کوشت...».

سەلیم کەوت بە زەویدا و خوێن وەکوو ئەوەی لە زەوییەکەوە هەڵبقوڵێ ڕژا بوو. یووسف گۆران شڵەژاو و ترسا، چەقۆکەی کردە گیرفانییەوە و لەقەیەکی لە دەرگاکەدا شکاندی، پاشان بۆ دەرەوە بۆی دەرچوو. تا توانی ڕای کرد، تا هێزی تێدا بوو ڕای کرد. نەیدەزانی دەچێ بۆ کوێ، هەر ڕای دەکرد و دوور دەکەوتەوە. بە هەموو ژیانی هێندەی ئەو شەوە ڕای نەکردبوو. لە کۆلانێکدا خۆی بینییەوە کە خانووەکانی هەمووی گڵ بوون. نەیدەزانی کوێیە، هێندەی دەزانی خەریکە ڕەق دەبێتەوە، تایشی لێ هاتووە و بیری لای ئەوە بوو ئێستا نا ئێستا پۆلیس دێت و دەیدۆزێتەوە. لە کۆلانەکەدا دەستەکانی بە چۆکییەوە گرتبوون و بەرەو ڕووی زەوییەکە دەیڕوانی، چەند جارێک ڕشایەوە. هەستایەوە و سەری گێژی دەخوارد. لە دۆخێکدا بوو هێشتا دڵنیا نەبوو ئەوانەی لە چواردەوری ڕوو دەدەن خەونێکی ناخۆشە، یان ڕاستییە.

سەیری کاتژمێرەکەی کرد، بووبوو بە یازدە و چل و سێ خولەک. سەیری ئاسمانی دەکرد، لەوە دەچوو هەورەکان نەمابن، بایەکەش کز بووبوو. سەیری لای چەپی خۆی کرد، تارماییەک بەخێرایی بەرەو ڕووی، هەنگاوی دەنا. نەیزانی کێیە، تەنیا بیری بۆ پۆلیس دەچوو، ویستی ڕا بکات و تارماییەکە پێی گەیشتەوە و قۆڵی چەپی ڕاپسکاند و بەشێوەیەکی ڕەق ناوی هێنا: «یووسف گۆران، مەترسە، خێرا وەرە بەدوامدا، دەبێ ئەمشەو بتبەمەوە بۆ ماڵی خۆمان، هەردووکمان پێویستمان بە یەکترییە.» کاتێک تەماشای کرد، کەسێک تەواو هاوشێوەی خۆی، کە ڕەنگە لە چەند وردەکارییەکی بچووکدا لەو نەچێ، ئەویش زۆر بە دەگمەن هەستی پێ دەکرێ، قۆڵی گرتووە. وەکوو ئەوەی ئەو شەوە هەموو قورسایی گەردوون لەسەر سینگی ئەو کۆ بووبێتەوە، سینگی تەواو قورس بووبوو. چاوەکانی ئازاریان دەدا و چەند جارێک خوراندنی و هەڵیگلۆفین، بەڵام خەون نەبوو! ئەودەمەی بۆی دەرکەوت ئەوەی دەیبینێ خەون نییە، بە جۆرێک لە جۆرەکان هاتەوە سەر خۆی.

هاوشێوەکەی پێی گوت: «تەماشای دەستت بکە!» سەیری دەستی کرد و هەمووی خوێن بوو، جلەکانیشی پریشکی خوێنیان بەر کەوتبوو، تەنانەت قژیشی چەند دڵۆپێک خوێنی پێوە بوو. دەستی کردەوە بە قسە: «ئاوا بەتەمای بۆ کوێ بچی؟ ماڵەوە؟ نەرمین

وا بتبینێ چیت پێ دەڵێ؟ لەگەڵمدا وەرە!» بێ ئەوەی بزانێ بۆ، دوای هاوشێوەکەی کەوت.

کاتێک بە کۆڵانە تەنگەبەر و نەزانراوەکاندا بەدوای کەوتبوو، لێی پرسی: تۆ کێی؟ ئەویش بەهەناسەبڕکێوە لە وەڵامدا گوتی: «هەموویت بۆ ڕوون دەکەمەوە، با بگەینەوە ماڵەوە.».

یووسف هیچ چاری تری نەبوو جگە لەوەی شوێنی بکەوێ. لە کۆتاییدا گەیشتنە بەردەم ماڵەکەی. لە گەڕەکێکی تەواو کۆن دەچوو، ئەسڵەن پێ نەدەچوو خانووی ئەم سەردەمە بێ، ئەوە هیچ لە قوڕ دروست کرا بوو، بە شێوازێکی زۆر کۆنیش بنیاد نرابوو. دەرگایەکی بچووکی شین، کە ڕاستەوخۆ دەچوویە ژوورەوە، هیچ حەوشەیەکی نەبوو. خۆیان بە ژووردا کرد.

یووسف دانیشت، هەر وەک دوایی حەپەساو و واق وڕماو، نەیدەزانی ئەو کەسە کێیە؟ بۆ هێندە لەو دەچێ؟ چی ئەوی هێناوە بۆ لای ئەم؟ چی لەم دەوێ؟ هاوشێوەکەی یووسف پێی گوت: «چای دەخۆیەوە؟» ئەویش بە ئاماژەی سەرلەقاندن پێی گوت نا، پاشان یووسف پێی گوت ئاساییە جگەرە بکێشێ، ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی. یووسف-یش ڕاستەوخۆ جگەرەیەکی پێ کرد و دانەیەکی پێشکەشی هاوشێوەکەیشی کرد، بەڵام ڕەتی کردەوە و گوتی کە جگەرە ناکێشێ.

پاش ماوەیەکی کورت کە هەر چەند چرکەیەک دەبوو، هاوشێوەکەی یووسف بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە دەستی پێ کرد: «یووسف کاتمان زۆر لەبەردەم نییە، بەڕاستی نابێ لەوە زیاتر کات بکوژین. ئاخ، هەر ئەمشەو چاوم لێ غافڵ کردی، ئەو کەتنەت نایەوە و ئێشەکەت لە منیش قوڕ کرد. بەهەرحاڵ، قەیناکە، هێشتا نەچووە بچێ...» یووسف دووکەڵی جگەرەکەی کردە دەرەوە و بەترسەوە قسەکانی پێ بڕی: «کاکە تۆ کێی؟ چیت لە من دەوێ؟ بۆ هێندە لە من دەچی؟»، ئەویش تەماشایەکی یووسف-ی کرد و دەستی پێ کرد: «خۆشم نازانم بۆ هێندە لە تۆ دەچم، ئەوەیان پرسیارێکە وەڵام نادرێتەوە، چونکە خۆشم وەڵامەکەیم لا نییە، بەڵام پرسیارەکانی ترت مەجالیان تێدایە. با یەکسەر دەست پێ بکەین... من سیروان سەڵاح-م، ئەو کەسەی چەندان ساڵە وێڵی یەکێکم بۆ ئەوەی کارێکی پێ ڕابسپێرم و نایدۆزمەوە.

ماوەیەک دەبێ تۆم دۆزیوەتەوە، بەردەوام چاودێریت دەکەم. کاتیشم هێندە نەماوە بۆ ئەو کارەم. ئەمشەو ئاگادارت نەبووم، ئەو کارەت کرد، بەڵام ئێستا هەردووکمان پێویستمان بە یەکترییە، یووسف لەوە تێدەگەی؟»، یووسف-یش کۆتا نەفەسی لە جگەرەکەی دا و گوتی: «من بۆ پێویستم بە تۆیە؟» ئەویش گوتی: «چی لەوە خراپتر کە ئێستا تۆ پیاوێکت کوشتووە و نازانی چۆن لەم کێشەیە دەرباز بیت!» یووسف تۆزێک بیری کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی ڕاست دەکات، بەڵام دواتر گوتی با وای پێ نەڵێم، بەتووڕەییەوە گوتی: «من پێویستم نە بە تۆ و نە بە هیچ کەسێکە، ئەوەی کردوومە بە ڕاستم زانیوە، بۆ هەموو جۆرە سزایەکیش ئامادەم.»، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: «ئەی بۆ ڕات کرد؟» یووسف شڵەژا و نەیزانی چی وەڵامی کابرا بداتەوە، ماوەیەک سەری داخست و ئەویش دەستی بە قسە کردەوە: «پێویستت بە منە، چونکە لەم کێشەیە ڕزگارت دەکەم. تۆ لە کێشەکەمدا هاوکارم بە، بەڵێنت دەدەمێ من ئامادەم لەبری تۆ هەموو سزایەک وەرگرم!» یووسف سەری لێ شێوا بوو، نەیدەزانی چی دەگوزەرێ. ئەو

دەربارەی ئەم ڕووداوانە هێشتا لە نێوانی ڕاستی و خەون یەکلایی نەبووبووەوە. هەردەم خۆی دەخستە جێگایەک کە دەشێ هەموو ئەوانەی بەسەر مرۆڤدا دێن، جگە لە خەونێک هیچی تر نەبن! لەوانەیە ڕۆژێک بە ئاگا بێین و ببینین هیچ شتێک ڕاستی نییە. ببینین ژیان خۆی جگە لە خەونێکی دوورودرێژ چی دیکە نییە.

- پێم بڵێ، بزانم کێشەکەی تۆ چییە؟ ئەرێ نەمزانی ناوت چییە؟

- ئەی پێم نەگوتی؟ سیروان، ناوم سیروان-ە.

- زۆر باشە. بزانم چیت لە من دەوێ؟

کاتێک یووسف قسەی دەکرد تەنگەنەفەس بووبوو. نەیدەزانی بۆ، بەڵام ترسێکی زۆر سەراپای گیانی داگرتبوو و گیانی مێرووڵەی دەکرد. سەری گێژی دەخوارد و هێڵنجی ڕشانەوەیەکی زۆر تەنگی پێ هەڵچنیبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەدەڕشایەوە. سیروان دووبارە دەستی پێ کردەوە:

- با ڕاستەوخۆ بچمە ناو مەسەلەکەوە. من خێزانەکەم هەموویان ئەنفالن! باوک، برا، خوشک، پوور، مام و خاڵ و دایک و هەموویان. تاکە کەسم لە ئەنفال ڕزگارم بووبێ. بەتەواوەتی نازانم چۆن، بەڵام ڕزگارم بووە. ئەودەمە من چەند ساڵێکم تەمەن بووە.

- خوا لێیان خۆش بێت، بەداخەوەم کاک سیروان.

- جا با بۆت تەواو بکەم.

سیروان لێی هاتە پێشێ و بەپەرۆشییەکی زۆرەوە قسەی بۆ دەکرد:

- ماوەی پازدە ساڵی ڕێک دەبێ، ئا ئا، ڕێک پازدە ساڵ... لە شەوێکی وەک ئەمشەودا بوو، باوکم هاتە خەونم و پێی گوتم کەوا ئیجازەی بەرەو ئاسمانیان نییە. لە ناڕەحەتییەکی زۆردا بوو و دەیگوت: سیروان فریشتەکان بەرزمان ناکەنەوە، ئێمە تاکە مردووین تاکوو ئێستا بەرز نەکرابێتینەوە. هەمووان لە ئاسمانەوە تەماشامان دەکەن و ئەسەفمان بۆ دەخۆن. هەموویان لە بەهەشتەوە سەیرمان دەکەن...

کاتێک ئەو قسانەی دەکرد یووسف چاوەکانی ئەبڵەق بووبوون و لە دڵی خۆیدا گوتی: «خوایە چ شێتێکم تووش بووە.»، بەڵام هێشتا کوشتنی سەلیم نادر لەبەر چاوی لا نەچووبوو. هەردەم دوایین قسەی ئەوی بیر دەهاتەوە و دەموچاویشی سوور بووبووەوە وەک ئەوەی زۆری گەرما بێ.

- کاک یووسف، لەودەمەوە، هەموو شەوێک، ڕێک هەموو شەوێک باوکم دێتە خەونم، هەمان خەون، هەمان قسەم پێ دەڵێتەوە و خەریکە شێت بم. ئەوەش نەبێ هەوڵم نەدابێ سەر لە گۆڕەکەی بدەم. چووم. ئەوەیان بەینی خۆمان بێ...

کاتێک وای گوت هێندەی تر دەنگی نزم کردەوە، بەئەسپایی گوتی:

- ڕۆیشتم. چواردەوری ئەو گۆڕە زۆرانە بە فریشتە گیرا بوو. هەر گۆڕێک و فریشتەیەکی لەلا بوو.

- تۆ چووزانی لەو گۆڕستانەن؟ خۆ کەس گۆڕی مردووی خۆی ناناسێتەوە کاک سیروان؟ ئەسڵەن کێ دەڵێ هێشتا دۆزراونەتەوە؟

سیروان پێکەنینێکی درۆینەی کرد و گوتی:

- ئێ کاکە لێم تێ بگە، ئەو هاتۆتە خەونم، شوێنەکەی پێ گوتووم، هەموو شتێکی پێ گوتووم. ئەو پێی گوتم لەگەڵ کۆمەڵە ڕوفاتێکی زۆردا هاتوونەتەوە، تەنانەت دەزانم گۆڕەکەیشی کامەیە.

یووسف گۆران سەری لێ شێوابوو و نەیدەزانی

سیروان چی لەم دەوێ. ئەم مەسەلە خەیاڵیانە چین بۆیان باس دەکات. دەیویست زوو بۆی بگێڕێتەوە و خەمێک لە حاڵی خۆی بخوا، هەر بۆیە بە کەمێک تووڕەبوونەوە پێی گوت:

– ئێستا کاک سیروان من چیت بۆ بکەم؟

– بەخوا کارەکەم هێندە قورس نییە. باوکم پێی گوتووم، قورئانێک بۆ خۆی و چوار قورئانی دیکە بۆ دوو براکەم و خوشکێکم و دایکم ببەم و بیخەمە ناو گۆڕەکەیانەوە، ئەوجا ڕێگەیان دەدەن. ئاخر کاک یووسف باوکم خۆی شیوعی بوو. ئا ئا شیوعی بوو، جا خوا هەموو خێزانەکەمی بەهۆی ئەوەوە سزا داوە بەوەی لە زەوی بیانهێڵێتەوە. تەنیا قورئان چارەی ئەم مەوزووعە دەکات.

– کاک سیروان گاڵتەم پێ دەکەی؟ خوا بەو گەورەییەی خۆیەوە، کە هەمووشیان ئەنفال کراون، لەسەر قورئان بۆ ئاسمانیان بەرز ناکاتەوە؟ قابیلە خوا لەوە خۆش نەبێ؟

– عەفووی بۆ دەرکردوون کاک یووسف لێم تێ بگە، باوکم شیوعی بووە، عەفووی کردووە، چونکە ئەنفالە، تەنیا قورئانی گەرەکە. منیش لەبەر ئەوەی عەرەبی نازانم ناتوانم بچم و فریشتەکان تێ بگەیەنم. دەبێ لەبری من تۆ بچی. هاوشێوەکەی من بچێ.

– من سەرم لەم گاڵتەجارییە دەرناچێ، خوا بەو گەورەییەوە! دڵنیام گاڵتە بە ئەقڵم دەکەیت.

– نا کاک یووسف، بڕوا بکە بەوجۆرە نییە. لە ماوەی ئەم پازدە ساڵەدا، ئەوەی چووم بۆلای هەمان قسەی تۆیان کردووە و دەستیان ناوە بەڕووممەوە. ئەم ماوەیەش بەبەردەوامی چاودێریم کردووی و دەزانم چیت کردووە و چیت نەکردووە. تۆم بە باش زانی بێم بۆ لات. تکایە هاوکاریم بکە، ئاخر من عەرەبی نازانم، ناتوانم لەگەڵ فریشتەکاندا قسە بکەم. پێویستم بە هاوکاری تۆیە. تکایە دەست مەنێ بە ڕووممەوە. دەبێ هەر ئەمشەو بڕۆین. دوامۆڵەت هێندەی نەماوە. من ئەوە پازدە ساڵە دەستی دەستیان پێ دەکەم. فێربوونی عەرەبیشم لێ بووە بە عیلمی زەڕە و فێری زمانەکەیان نابم برا. چەند دەمێکە دەمەوێ فێر بم هیچ. ئێ زمانی ئەو فریشتانەش عەرەبییەکی قورسترە. وەک ئەمەی ئێستا نییە.

هەرچەندە یووسف سەری تەواو سوڕما بوو و بڕوای بە هیچ شتێک نەدەکرد. وەکوو گاڵتەجارێک، یان شانۆییەکی کۆمیدی لە هەموو ئەم ڕووداوانەی دەڕوانی، بەڵام چارەی تری نەبوو، دەبوو بیکا. جگە لە سیروان-یش کەس ناتوانێ یارمەتی ئەو بدا لە مەسەلەی کوشتنەکە. هەرچۆنێک بوو یووسف ڕازی بوو هەر ئەو شەوە لەگەڵ سیروان-دا بڕوا و ئەویش بەڵێنی بۆ دووبارە کردەوە کێشەکەی بۆ چارەسەر بکا.

هەر زوو خۆیان پێچایەوە و سیروان سەڵاح پێنج قورئانی خستە کۆڵەپشتەکەیەوە و جلەکانی لەبەر کرد و خۆی گەرم داپۆشی. بە یووسف-یشی گوت خۆی باش بپێچێتەوە، چونکە ساردە. هەندێ پارچە جلی زیادەشی پێ دا. بەو شەوە، ڕۆیشتن و هەر چۆنێک بووە ئۆتۆمبێلیان دەست کەوت و بەڕێ کەوتن، بەڵام پێ دەچوو پێشووتر سیروان پلانی بۆ هەموو شتێک دانا بێ. پاش چەند کاتژمێرێک گەیشتنە نزیکی گۆڕستانەکە.

کاتێک لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین، ترسێک سەرتاپای گیانیانی داگرت. زیاتر بە سەرما دەچوو. ڕەنگە ترس بووبێ بە شێوەی سەرما هاتبێتە گیانیانەوە. وتوێژی بێمانایان دەکرد تا لەو ترسە نەجاتیان بێ. کەس نەیدەزانی بۆ، ئاخر خۆ سیروان پێشووتر سەردانی ئەوێی

کردووە، بۆ هێندە دەترسا؟ لە قسەکانی یەکدی تێنەدەگەیشتن. تەنیا دەنگیان دەر دەکرد، ئەویش لە ترساندا بوو! تا گەیشتنە نزیکی دەروازەی گۆڕستانەکە. لەوێدا سیروان گوتی: «ئیتر من ناتوانم زیاتر بێم، بڕۆ بڕۆ یووسف، تاکە هیوام تۆیت. بڕۆ!» قورئانەکانی دا پێی، ئەویش لێی وەرگرت و ڕۆیشت.

لە دەروازەی گۆڕستانەکە، دوو فریشتە لێی هاتنە پێشێ و بەتووڕەییەوە گوتیان: «چیت دەوێ؟» یووسف وەڵامی دانەوە: «هاتووم بۆ لای ئەو چەند گۆڕە. هاتووم قورئانەکانیان بدەمێ و بگەڕێمەوە.» کاتێک وای دەگوت هێندەی نەما بوو خۆی پیس بکا. ئەو هێشتا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەوە ڕاستەقینە نییە. بڕوای وا بوو مێشکی فێڵی لێ دەکات و لە دنیایەکدا دەژی کە سەراپای وەهمە. دوو فریشتەکە تەماشایان کرد و پاش ماوەیەک لە بێدەنگی ڕێگەیان دا بڕوات.

بەپەلە بەرەو گۆڕەکانی خانەوادەکەی سیروان بەڕێ کەوت. لەوێش دووبارە لەسەر هەر گۆڕێک فریشتەیەکی لێ بوو. دەبوو یەک یەک ڕەزامەندیان لێ وەربگرن، پاشان کەمێک لە گۆڕەکە هەڵبدەنەوە و قورئانەکەی بخەنە ناو، بەڵام فریشتەکانی سەر گۆڕەکان دیاربوو دەیانزانی چی لە ئارادایە، بەڵام دەستیان بە پرسیار کرد: باوکت بۆ لێرەیە؟

– بەتەنیا باوکم نییە، خێزانەکەمە، هەموویان ئەنفالن.

– ئەی بۆ هێشتا بەرز نەکراونەتەوە؟

– لەبەر ئەوەی باوکم شیوعی بوو، شیوعی لای خوا قبوڵکراو نییە، بەڵام ئێستا لێخۆشبوونیان بۆ دەرچووە و دەبێ قورئان بخەمە گۆڕەکانیانەوە.

فریشتەکان زیاتریان نەپرسی و ڕێگەیان دا گۆڕەکان هەڵبکەنن. ئەویش هێدی هێدی دەستی بە هەڵکەندنەوەی گۆڕەکان کرد. پێشووتر سیروان شوێنی یەک بە یەکی گۆڕەکانی بۆ دیاری کردبوو، هەروەها ناوی هەموو خێزانەکەی پێ گوتبوو و شێوەی کێلەکانیشیانی بۆ ڕوون کردبووەوە. هەر ئەوەشی کە ناوەکانیانی لەسەربوو ئاسانکارییەکی باش بوو بۆ یووسف گۆران.

یەکەم جار گۆڕەکەی باوکی. کاتێک بەشێکی لێ هەڵکەند باوکی سیروان هاتە دەرەوە و بە بێتاقەتییەکی زۆرەوە، تەنیا قورئانەکەی لە یووسف وەرگرت و دەستخۆشی لێ کرد و چووەوە ناو گۆڕەکەی، دواتر ئەمە بۆ تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی دووبارە بووەوە، جگە لە دایکی کە بە زەردەخەنەوە قورئانەکەی لێ وەرگرت و لەگەڵ خۆیدا بردی. پاش چەند ساتێک، هەموو پێکڕا، بەهێواشی، لە گۆڕەکانیان بەرزبوونەوە و بە یەک ڕیتم، ڕۆیشتن، بەرزبوونەوە و هەرگیز تەماشای خوارەوەیان نەکردەوە. بەرزبوونەوە و ئیتر ڕزگاریان بوو. لەودەمەشدا یووسف فرمێسکی دڵخۆشی خۆی دەربڕی. نەیدەزانی چۆن خۆشحاڵی خۆی دەربڕێ، لە کاتێکدا هێندە دەترسا چاوەکانی خەریک بوو دەردەپەڕین و ڕەنگی پێستیشی وەکوو ئەوەی تووشی زەردوویی بووبێ زەرد بووبوو.

بەردەوام لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «ئێستا نا ئێستا خەبەرم دەبێتەوە. ئەمانە هەمووی خەونێکی ناخۆشن، هەر وەک خەونەکانی دیکەم خەونێکی ناخۆشن. نا ئەمانە ناکرێن ڕاستی بن. خوایە بەهانامەوە وەرە چی بکەم!» یووسف گۆران چووە دەرەوە بەرەو لای سیروان و بەدڵخۆشییەوە بەرەو ڕووی چوو و پێی گوت:

– تەواوم کرد کاک سیروان، ئیتر بێخەم بە.

سیروانیش کە هەموو ڕوخساری بە فرمێسک

داپۆشرابوو، بەوپەڕی ڕێزەوە گوتی:
- هەرگیز ئەو چاکەیەت لەبیر ناکەم کاک یووسف، ئێستاش هەموو کارێک دەکەم تا لەم گێژاوە دەرت بهێنم.
- هیچم نەکردووە کاک سیروان.
- بڕۆینەوە؟ لەوێ من خۆم ڕادەست دەکەم و دەڵێم من بووم. هەموو زانیارییەکم پێ بدە و هەموو شتێک کۆتایی پێ دێنین.
- ئەی تۆ خۆت ژیانت نییە؟
سیروان پێکەنینێکی کرد و گوتی:
- ژیان چییە کاک یووسف؟ بۆ تۆ ژیان گرنگە، بۆ من نا! کێم هەیە؟ چیم هەیە؟ ئەوەی لەسەرم بوو ئەمشەو بەجێم گەیاند. ئێستا لە سێدارەش بدرێم کێشەم نییە. بۆ من هەر لەسەرەتاوە ژیان درندە بووە. بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕاهاتووم. ئاساییە. با بڕۆین.
بەڕێ کەوتنەوە. نزیکی ماڵی سەلیم بوونەوە هەموو ئەو ناوە بە پۆلیس دەورە درابوو. گڵۆپی سەیارە پۆلیسییەکان تێکەڵ بە ڕووناکی کازیوە ببوو، بەڵام تەنیا شەوقی گزنگی ناشیرین کردبوو و وای لێ دەکرد مرۆڤ چێژی لێ نەبینێ. بۆ کۆتا جار سیروان تەوقەی لەگەڵ یووسف-دا کرد و بەرەو ڕووی پۆلیسەکان ڕۆیشت. لەگەڵ یەکێکیاندا قسەی کرد و پێی گوت ئەو بکوژەکەیە. ئەوانیش دەستبەجێ دەستگیریان کرد. یووسف گۆران-یش لە دوورەوە ئەو دیمەنەی دەبینی و ئازاری دەدا، بەڵام تازە هیچ شتێک نەبوو ئەوە بگەڕێنێتەوە. هیچ شتێک نەبوو پاڵ بە (یووسف)ـەوە بنێ بەرەو ڕووی مەرگ بڕوا. بەرەو ڕووی ژیانێک کە ناچار نەکراوە بژی، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو ئەنجامی دا، گەورەترین ترسی ژیانی لەناو برد. پشتی لە پۆلیسەکان کرد و بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوت. بەرەو باوەشی گەرمی ژنە خۆشەویستەکەی. یووسف و سیروان زۆر لە یەک دەچوون، بەئەستەم لە یەکت دەکردنەوە، ڕەنگە هەر تەواو کۆپی یەکیش بووبن، بەڵام جیاوازییەک لەنێوانیاندا هەبوو، جیاوازییەک کە یووسف-ی بەرەو ژیان پاڵ دەنا و سیروانی بەرەو مەرگ، ئەویش ماڵ بوو، ماڵێک کە سیروان هەرگیز پێی ئاشنا نەبووبوو.

**٩ی ٢٠٢٣**